

چیرۆکی وەرگێڕدراو

نەدا ئەلدانا

# شەش چیرۆکی زۆر کورت

و: عەباس عەبدوڵڵا یوسف

**سێ هەزار**

لە سایتێکی ئاخاوتنی ئینتەرنێتدا، کچە لە تەنیشت ناوی خۆیدا ژمارەی سێ هەزاری نووسی. زۆر جارە نهێنیی ئەو ژمارەیان لێ دەپرسی. ئەویش هەر جارێ وەڵامێکی جیای دەداوە. جارێک وتی: سێ هەزار دڵگرتەم هەیە، جارێکی تر وتی: دڵی سێ هەزار پیاوم ورد و خاش کردووە. هەروەها وتبووی: سێ هەزار سیسرکەم کوشتووە.

یان: سێ هەزار لیرەم هەیە... تووشی سێ هەزار کارەسات بوومە. سێ هەزار سڵاو دەنێرم...

ئەوان دەسوڕمان، ئەو پێدەکەنێ، تەنیا جارێک و بەس ڕاستەکەی وت:

– مانای ئەم ژمارە، هەزارەی سێیەمە.

**گەمەی ئەڤین**

بەئاخاوتنێکی ناو ئینتەرنێت ئەو کچەی ناسی کە هەردەم بانگی دەکرد:

خۆشەویستەکەم. کوڕە ویستی لە دڵسۆزییەکەی دڵنیا بێت، جا ناوی خۆی گۆڕی و قسەی لەگەڵ کرد، هەمدیسان بانگی کرد: خۆشەویستەکەم... چەند جارێکی تریش ناوی خۆی گۆڕێ، ڕاستییەکی تاڵ ناکاوداری کرد، بەهەمان شێوە قسە لەگەڵ گشتیان دەکات، دڵبێژی لەگەڵ هەموویان دەکات، کچێکی ئۆینبازی فریودەرە و دەڵی دڵپاک و دڵسۆزم، بەنهێنی دەیڕوانییە پۆستە ئەلکترۆنییەکەی، بۆی دەرکەوت گەڵێک نامە بۆ کەسانی دی دەنێرێت و زۆریشی بۆ دێت، چەند جارێک چاوی پێی کەوت، ئەو ڕاستەییەی بۆ ئاشکرا نەکرد، ترسا نەوەک ڕقی لێ هەستێ و مێردی پێنەکات، چونکی ئەو بڕیاری دابوو بیخوازێ تا بۆ خۆی بسەلمێنی لەناو دڵگرتەکانی ئەو کچە، خۆی لە هەموویان باشترە، لەوانەیە درۆ و فێڵیشی پێخوشبووبێ، کە دەیگوت تۆ تاکە سوارەی منی، کاتێ هاوسەرگیرییەکەی بۆ خستە ڕوو، ڕەتی کردەوە و وتی: لە ئێستادا نامەوێ مێرد بکەم، دەبێ خوێندنی زانکۆییم تەواو بکەم، من لەناو ئینتەرنێت گەمەی ئەڤین دەکەم.

**نائومێدی**

لەناو ئینتەرنێت پاش چەندین گفتوگۆی درێژ و پڕ لە سۆزی گەرم، پاش گۆڕینەوەی چەندین نامەی درێژ بە پۆستی ئەلیکترۆنی، ڕانیا ڕازی بوو لە کافتریا چاوی پێیکەوێ، هەوڵێکی زۆری دا تا بەتەلەفۆن قسەی لەگەڵ بکات. کچە ئەمەی ڕەتکردەوە بەبیانووی دابونەریتی کۆمەڵایەتی، پێشی وت: لەوێ دەمبینی کراسێکی شین و پانتۆڵێکی جینزم لەبەرە قژم ڕەشە و کورتە، جا کوڕە هاتە ناو کافتریا و نەیبینی، لاوێکی دیت بەچاوێک سەیری دەکات و لێ دێتە پێش و دەڵێ: من ڕانیام.. حەپەسا. بۆ ڕانیا کوڕە لاوە؟ لاوەکە پێیوت : فەرموو لەگەڵم دانیشە، تا باسی ئەو چیرۆکەت بۆ بکەم، هەردووکیان بەدەوری مێزێک دانیشتن، لاوەکە وتی: من ناوم سامییە زۆر حەزم لە سوعبەت و ڕابواردنە. بمبوورە ئەگەر هەست و سۆزتم بریندار کردبێت، بەڵام منیش ناگەهان تۆڵەی لە من کردۆتەوە، لاوێک گۆیا کچە من فریو داوە و پێی ڕابواردم. جا هەستم کرد ئەوەی لەگەڵ تۆی دەکەم قێزەونە، بۆیە ڕازی بووم بتبینم و کۆتایی بەچیرۆکی لە خشتەبردن بێنم.

**کەتن**

بەئینتەرنێت پێی وت: کچێ جوانێ خۆشتم دەوێ، وەڵامی دایەوە: بەچ زانیت من جوانم، خۆ تۆ منت نەبینیوە؟، هەروەها وتی: جارێ تۆ منت نەناسیوە، چۆن خۆشمت دەوێ، کوو

بزانم ڕاستگۆی و فریوم نادەیت؟ دڵگیری کامڵی وزیرەکایەتیەکەی بوو، لە دڵی خۆی وتی: ئەم کچە بۆ هاوسەریی دەست دەدات. کچە پێی وت: کەوا تەمەنی بیست ساڵەو سوور و سپییە، چاوی سەوزەو گەڵێک جوانە، لە کۆلێژی ئاداب دەخوێنێت و مۆبایلی هەیە، ناویشی (ڕەهف)ە، کوڕە وێنەی خۆی بۆ نارد، ئەویش دوو قۆچی بۆ وێنەکە کردو واژەی (تۆ شەیتانی)یشی لەسەر نووسی، لە دڵی خۆی وتی ئەم کچە سوعبەتچییە، منیش حەزم لە ئی ئەوهایە.

پاش ماوەیەک ڕێککەوتن لەپێش دەرگەی باخچەیەک نزیک بەماڵی کچە یەکتر ببینن. لەناکاو کیژۆڵەیەکی تەمەن دە ساڵی لێی نزیک بۆوە و بەپێکەنین وتی:

– من ڕەهفم، گاڵتەم لەگەڵ دەکردی. ئێوەی لاو چەندە گەمژەن و مێشکتان چەند پووچە!

**ئەڤین**

زۆری خۆش دەویست، جا بەشوکۆلاتە پەیکەرێکی بۆ کچەی ساز کرد، کە هاوین هات، ترسا نەوەک ئەو پەیکەرە بتوێتەوە، هەستا خواردی و چیرۆکی ئەڤینەکەش بەکۆتا هات.

**ناپاکی**

کچە شاعیرەکە هۆنراوەیەکی نووسی، تێدا بەزەردەخەنەی خۆشەویستەکەی هەڵدەڵێت، خوێندیەوە و کچەی بەناپاکی تۆمەتبار کرد. پێی وابوو بەزەردەخەنەی کەسانی دیکە هەڵدەڵێت، دیکانیش کە هۆنراوەکەیان خوێندەوە، وایانزانی بۆ ئەوان نووسراوە، جا هەرکە چاویان پێدەکەوت، زەردەیان بۆ دەکرد.

* خاتوو (ندى الدانا) نووسەرێکی سوورییە و بەگەڵێک بواری نووسینەوە خەریکە وەک: هۆنراوە،چیرۆک، چیرۆکی منداڵان، ڕۆمان، وتار و لێکۆڵینەوەی هەمەجۆر، هەروەها ڕەخنەی دراما و مۆسیقا و هونەری شێوەکاری

---

* دڵبێژی = مغازلە
* دڵگرتە = معجب
* دیکان = ئەوانی تر
* زەردە = زەردەخەنە